
سەید حەکیم داوای فرەکردنی دەروازەکانی ناردنە دەرەوەی نەوت و دەستپێکردن بە پرۆژەی ستراتیژی دەکات



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز باسم محەمەد خزێر وەزیری نەوت و سەرۆتا پیرەزبایی پێدانی متمانەی لە ئەنجومەنی نوێنەران لێکرد و دواتر هیوای خواست سەرکەوتوو بێت لە باشکردنی دۆخی وەزارەتی نەوت.

. کاک حەکیم لەکۆبوونەوەکەدا جەختی لەپەیوستی تەواوکردنی پڕۆژەکان کردەوە بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن بەغاز و تەئکیدیشیکردەوە لەسەر گرنگی جەختکردنەوە لەسەر هەوڵە نیشتمانییەکان و پڕۆپێدانی کارماندانی نەوت و ناچارکردنی کەمپانیاکان بە دامەزراندنی کرێکاری نیشتمانی لەبری کرێکارانی بیانی..

هەروەها تەئکیدیشیکردەوە کە پەیوستە وەزارەت گرنگی بەو خزمەتگوزاریانە بدات کە پێشکێش بەو ناوچانە دەکات کە کێگەی نەوت و گازی تێدا پێشکێش دەکرێت بەتایبەت ناوچەکانی باکووری بەسرە.

لەکۆتاییدا بەڕێز حەکیم داوای تەواوکردنی پڕۆکھاتەی یاسادانانی کەرتی نەوتی کرد کە لە سەرووی هەموویانەوە یاسای نەوت و گازە و جەختی لە گرنگی ئەوی وەزارەت کردەوە لە داشتنی دیدێکی گشتگیر کە مافەکانی هەمووان بپارێزێت و یەکێیزی نیشتمانی بەهێز بکات و هاوکات جەختی لەسەر هەمەچەشنکردنی دەروازەکانی هەناردەکردن و سوود وەرگرتن لە قەناغی ئێستا بە دەستپێکردنی پڕۆژە پەیوەندیدارەکان کرد...